# چرا هەڵکە

ئیحسـان مسـتەفا

**«ئیـحـسـان مـسـتـەفـا بەهرەداری و وەسـتـایی خـۆی وەها سـەلماندووە، کـە دەتوانین بڵێین ئەگەر بەردەوام ببـوایە لە سـەر چیرۆک نووسین و دەسـتی لێ هەڵنەگرتبـووایە، لەوە دەبوو لە کۆڕی چیرۆکی کوردیدا ببووایەتە چیرۆکنووسێکی لێهاتووی گەورە و خزمەتێکی زۆری بکردبووایە».**

حوسێن عارف

**دایک**

ئێـسـتـاش لەبیـرمـە، هـەر چەند سـاڵەکـانی پێـشـوو دەهـێنمـەوە بەر چاو دێتـەوە بیـرم ، پیـرێژنـێکی پیـر، بـە قـەدی باریکی، بـە پێـسـتی چرچی، بە ئێسقانی بەرزی، بە قژی سپی و شێواوی. دێتەوە بەر چاوم.

بەڵێ، ئێسـتـاش هـەر، چیـرۆکەکەی بە تەواوی دەزانم، هـەر چەند سـەرنجی بدەمێ، وشــەکـانی پارچـە پارچە لە دڵێکی بریندار و خــەمناکـەوە دەهـاتنە دەرەوە، دێنە پێش چاوم.

ئێـسـتـاش بە چاوی خەیاڵ دەیبینم، وشەکانیم گوێ لێیـە. چۆن لە بیـری

کەم. ها . چۆن لە بیری کەم، من بە دەستی خۆم عەرزو حاڵەکەم بۆ نووسی، لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، بە دەنگێکی کز ونزم و باریک، بە دڵێکی بە کوڵ و جۆشەوە، بە قوڵپە قوڵپی گریانەوەی دەیوت و من دەمنووسی. ئەمە پێش چواردە ساڵە.

ڕۆژێک بۆ ماڵ دەهاتمەوە دەنگی پیرێژنێکم گوێ لێ بوو:

– ئەرێ قوربان ئەفەندی نەهاتەوە. گەلێک ئەفەندیم لە ڕێگادا دی بۆ ماڵەوە دەچوونەوە.

چاوم هەڵبڕی سەیری ئەم لاو ئەو لای خۆمم کرد، لێت نەشارمەوە تووڕەش بووم، چونکە خوێندنی لێ بڕیم. ژنێکی پیری چەماوەی پشت دەرپەڕیوم دی، دارێکی خواری بە دەستەوە بوو، دەهاتە پێش، کلاشە دڕاوەکەی لە دوای خۆی کێش دەکرد، بە نزمییەکەوە لەپێش خۆیەوە قسەی دەکرد و دوعای چاکی بۆ دەکردم.

دایکم وتی:

– کوڕم ئەمە دووجارە ئەم ژنە دێتە ماڵمان، تۆش لێرە نیت. رۆڵە خێرت دەگاتێ عەرز و حاڵەکەی بۆ بنووسە، پارەشی بۆ نووسینی نییە.

تووڕە بووم.

– ئێستا کەی کاتی عەرز و حاڵ نووسینە.

ویستم هەزار بەهانە بۆ ئەم پیرێژنە بدۆزمەوە، بەڵام کە پیرێژن دیتی من قسە ناکەم دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی و وتی:

– کوڕم یا خوا مەعاشت دە دینار بی، ببی بە حاجی، ببی بە قۆمیسەر، بەدڵساردیەکەوە قەڵەم و کاغەزم ئامادە کرد، دەستم کرد بە نووسین، دەم نادەم پیرێژنەکە دەیوت (ئا.. بە قوربانت بم).

کوڕی دەری کرد بوو. ژنەکەش شکایەتی لێ دەکرد، داوای پارەی لێ دەکرد، دەیوت:

کوڕم ئیشم پێ ناکرێ، چۆن ئیش بکەم. ناتوانم بە تەواوی بڕۆم. نازانم چی بکەم.

دایکم پێمی وت:

– رۆڵە چاکت کرد، ئەم ژنە کوڕێکی دەوڵەمەندی هەیە، دایکی دووکانێکی بۆ دانا، بە سایەی ئەم دووکانەوە پارەی پەیداکرد. پاشان ژنیشی بۆ هێنا. ئینجا کوڕە و ژنەکەی پیرەدایکیان دەرکرد.

پیرێژن زمانی کراوە:

– ئەرێ بە خوا کوڕم. دووکانم بۆ دانا. کردمە نەجار. کە هیچی نەبوو. ئەرێ بە خوا

هیچی نەبوو. چ بکەم تاقانە بوو. چۆن بێ ئیشی ببینم. باوکیشی مردووە، چەک و خشڵی خۆم فرۆشت. دووکانێکی ئاوەدانم بۆ دانا، هەتا نەمردووم ژنیشم بۆ هێنا. دەست و لاقی پیاوە گەورەکانم ماچ کرد تا لای عەسکەرەکان بیکەنە خاوەن قۆنتەرات ، ئەو چاوانەم کوێر بێت ئەگەر خراپییەکم بۆی ببی.

ئینجا ئەمە چوار مانگە لە ماڵی دەری کردووم، منی قوڕ بەسەر کە نۆ مانگ لە سکی خۆمدا هەڵم گرت، دوایش سێ ساڵ نەنووستم. ئەرێ بە غەوس سێ ساڵ. نەوەک بگریی منیش لە خەو دابم.

پیرێژن هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، وتی:

– پێرار کە گرانەتا گرتبووی سەعاتیک چییە جێم نەدەهێشت. هەموو جۆرە ئیشێکم بۆ کردوە. بە کوڕی خۆم بڵێم: نوێژیشم بۆ دەکرد، دەستم هەر لە ئاسمان بوو. شەو و ڕۆژ دوعام دەکرد چاک ببێتەوە. ئێستاش دەرکراوم. لە کون و قوژبنان دەگەڕێم نانی شەوم نییە. دوێنێ چوومە لای، داوای شتێکی لێ بکەم سینیەکی پڕ ماسی سوورەوەکراوی لە بەردەمدابوو، بۆ عەسکەرەکانی دەبرد. ئەم چاوانەم کوێر بێ، پارچە گۆشتێکی نەدامێ. کوڕم کە ئینسان پیر بوو، وەک منداڵی ساوای لێ دێ حەز لە هەموو شتێک دەکات. ئەرێ بە پێغەمبەر هیچی نەدامێ و بە عەسکەرێکی وت دەریکە. ئێستاش ڕۆڵە نەمدەزانی چی بکەم تاکو دایکت کوڕی ساغ بی، پێمی وت شکایەت بکە، نەفەقەی لێ وەرگرە، ئێستاش تۆی عومر درێژ ئەم خێرەت کرد و ئەم حەرز و عاڵەت بۆ نووسیم.

ئینجا پیرە دایک بە خشەخشی کلاشەکەی بە تەقە تەقی دارەکەی لە پێش چاوم ون بوو، دەم بە دوعاوە چووە دەرەوە. ئیتر نەمزانی چی بە سەرهات. پاش هەشت ساڵ، لەگەڵ هاوڕێیەکانم لە گەڕان بووم ڕێگامان کەوتە ناو گۆڕستانێک لە ناکاو چاوم بە پیرێژنێک کەوت: پیرێژنێکی سەر و پۆتەلاک شێواو، رووت و ڕەجاڵ، زۆر کەساس، بە کزییەکەوە لە تەنیشت گۆڕێکەوە، لەپەوڕوو کەوتبوو، بە ئاستەم نووزەی دەهات، وەکو باران خوڕخۆڕ فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارەوەو دەی وت:

– کولەکەی ڕۆحم ڕۆ. هێزی ئەژنۆم ڕۆ. خوێنی دڵم ڕۆ. بڕبڕەی شتم ڕۆ. ڕووناکی چاوە کزەکانم ڕۆ. ئەی ڕۆڵە ڕۆ.

کاتی چوومە پێشەوە و چاک لێی ورد بوومەوە، ناسیمەوە کە ئەمە ئەو پیرێژنە کلۆڵەیە کە هاتە ماڵمانەوە و عەرز و حاڵەکەم بۆ نووسی.

## سکالای مردوو

ئاه خودایە. ئەم خەوە چی بوو، هەروەک فلیمێکی سینەمایی لە پێش چاوم هات و ون بوو.

شەوێکی هاوین لە سەرجێی نووستنەکەم دانیشتبووم، خەریکی خوێندنەوەی وتارێکی برادەرێک بووم، پێش ئەوەی بینێرێ بۆ گۆڤارێک، بە ناوی (ئادەمیزاد و پێشکەوتن) ەوە .بەراستی وتارێکی پڕ مانا و بە کەڵک بوو، پاش ئەوەی وتارەکەم خوێندەوە، بە برام گوت:

–عەلی. دەبینم دەنگی دراوسێکەمان نایەت، لام وایە تووشی ناخۆشیەک بوونە.

– نەختێ ئارام بگرە ئێستا گوێمان لە دەنگی دەبێت. ها ئەم وتارە ئی کێیە.

دەستی بۆ وتارەکە درێژ کرد (ئادەمیزاد و پێشکەوتن) رەنگە وتارێکی جوان بێت، پاشان ئەم یەک دوو دێرەی لێ خوێندەوە، گوتی:

– بە خوا من رام لێ نییە. رەنگە تۆش رات لێ نەبێ، چونکە بە وێنەیەکی شیعری نووسراوە. هە هە ها. وایە کاکە.

لە کاتی قاقای پێکەنینی براکەمدا دەنگی شمشاڵێک هات، دەنگێکی نزم و سووک، دەنگێکی ناسک و لەت لەت بوو، غەمبار ، لام وابوو ئەم دەنگە هەموو غەم و ئازاری هەژاریی پێوەیە.

برام – عەلی – وەڵامی دایەوە:

– ها. نەم گوت نەختێ ئارام بگرە، تۆ بە قسەی من هیچ باوەڕ ناکەی. بە راستی دراوسێیەکەمان شمشاڵێکی نایاب و جوان لێ دەدا

بەڵام سەرسام مابووم نەمدەزانی بۆچی ئەم شەوە نەغمەکەی گۆڕیوە، لە شەوەکانی رابردوودا نەغمەی وای لێ دەدا، دەیهێنایە هەڵپەڕین، کەچی لەم شەوەدا نەغمەیەکی بە گرین لێ دەدا، هەر وەک ناڵینی کچێک کە گوێ لە خیانەتی دڵدارەکەی بێت. من و عەلی برام، کز بووین، بە هەموو هۆش و دڵمانەوە گوێمان لەم نەغمە گرت. کەی. ئیتر نەمزانی چی بوو.

خۆم لە پێش زەریایەکی گەورەدا دی، بە ئاوە روونە شینەکەی، کە شەوقی مانگ دەکەوتە سەر ڕووی لووسی، بە تاسەوە ماچی دەکرد، هەر وەک دڵدارێک کە کاتێکی درێژ بێ یارەکەی نەدی بێ. ئەستێرەکان لەم زەریایەدا دەدرەوشانەوە وەک بریسکەی چاوی پشیلەیەک کە لە جێگایەکی تاریکدا دەبینرێ.

له ناکاودا چاوم به کچێک کەوت کچێکی لاواز و رەنگ زەرد، به لەنجەی سستی دەهات بۆ لای ئەم زەریایە، جار جاریش دەستی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و تەماشایەکی دەکرد. ئاە ئەوا نزیک بووەوە. داخوا بۆچی دێتە لای ئەم ئاوە، لەم شەوەدا. زۆر چاک دیم، هەروەکو گوتم کچێکی لاواز و باریک بوو، بەلام زگی ئاوسابوو، هەر وەک ژنێکی زگپڕ. دەگریا.

فرمێسکەکانی وەک ئاونگێک دەبریسکایەوە و دەهاتە خوارێ. قسەی دەکرد بەڵێ قسەی دەکرد، گوێم لێ راگرت، به دەنگێکی کز و خەمگین سکالای دەکرد، دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی بوو.

– ئاە خودایە. ئەمە نۆ مانگە خەفەتی مەرگ له دڵمدا چەقیوە، نۆ مانگە دەزانم که پاش ئەم کاتە دەمرم. ئەمە نۆ مانگە شەو و رۆژ لەبەر تۆ دەپاڕیمەوە، ئاە من بۆچ وا ئاخر شەڕ بووم، کاشکی نەهاتبامە ئەم گێتیەوە، ئەم گێتییە که پارە پەرستن و خۆپەرستن نەبێت هیچی تری تێدا نییە

خودایە تۆڵەی من، لەم مێردە بێ هۆشەم بکەوە، ئەم مێردە کە هۆی مەرگی من بوو. مەرگێکی به رەنج و به ئازار

خوایە. ئەمە نۆ مانگە دەگریم و دەناڵێنم، بۆ ئەوەی منداڵم نەبێ. چۆن حەز بکەم منداڵم ببێ کە منداڵبوون و مردنم پێکەوە دەبێت. خودایە چیم کرد بوو، تا بمخەیتە ناو ئەم ئاسیبە زلە، ئەم ئاسیبە که یەکێک له پێش ئەمەدا بمرێ مردنی خۆی بزانێ.

ئەم رۆژە چ رۆژێک بوو، ئەم رۆژە رەشە، هەرگیز له بیرم ناچێ، تا رۆژی مەحشەر. ئەم رۆژە له پاش شوو کردنم، ژنێک منی بینی و ئامۆژگاری کردم، له ناو ئەم رەنجە منیان بردە لای دکتۆر. گوتی:

– ئەگەر ئەم ژنە منداڵی ببێ دەمرێ. بۆ ئەمە حەبێک هەیە، بابیخوات تاکو منداڵی نەبێ غەیری ئەمە چارەیەک نییە.

زۆر شوکرم کرد، خودایە. خواردنی حەبێک چییە خۆ له مردن قورتار دەبم، با منداڵم نەبێ، بەلام به هەڵە چووم، ئەم مێردە بێ وێژدانە توورەبوو، لاقی بەزەویدادا: چۆن منداڵم نەبێ، کەس بێ منداڵ بووە، ئەی ئەم ماڵ و دەوڵەتەم بۆکێ بمێنێ. بۆ ئەم دایکە پیرە، یان بۆ ئەم برا مل ئەستوورە. پاشان کێ دەڵی قسەی ئەم دکتۆرە راستە، هەزار جار قسەیان بەدرۆ دەرچووە، نەخێر من رازی نیم با برۆینە لای دکتۆرێکی تر.

– منیان بردە لای دکتۆرێکی دیکە، پارەیان دابووێ تا بڵێ ئەم قسەیە راست نییە. چی

بکەم خودایە. گریام و نالاندم، بە فرمێسکی گەرمم دەستم شووشت، بەڵکو رازی دەبێ ئەم حەبە بخۆم و ئەم ترسە لە دڵمدا نەمێنێ، بەڵام ئەم بێ هۆشە پتر تووڕە بوو، گوتی:

– ئەگەر ئەم حەبە بخۆی، منداڵت نەبێ، تەڵاقت دەدەم. من تۆم بۆ منداڵ بوون هێناوە.

وای دڵت وەک سەرەند کون کون بێ. وا تێ دەگات من ئالەتێکیم بۆ منداڵبوونی هێناوم، یان لە ئادەمیزاد نیم. چوار مانگی پێ نەچوو زانیم مردنم نزیک بووتەوە، هەستم کرد کە منداڵ لە زگمد دەبزوی، ئاه خودایە. لەم ڕۆژەدا، ژینم بوو بە دۆزەخ، تا ئەم رۆژەدا هات، رۆژی منداڵ بوونم، چارە نەبوو مردم، مردنێکی بە ئازار ئێش. چی بکەم لە ناوچاوانم وات نووسوە.

سەرم سوڕ ما، من لە خەوندام، یان نە نووستووم. سەیرم کرد کچەکە دەستی پتر هەڵبڕی و هاواری کرد:

– خودایە، تۆڵەی من لەم مێردە بێ هۆشەم بسێنە، کەسم نییە خوایە هەر تۆم هەیە.

لەم دەمەدا، لە دوورەوە دوو تارماییم دی. روویان لە کچەکە دەکرد، هەر یەکە قولێکی گرت یەکێکیان گوتی:

– بێچارە لە خانەی مردووانەوە رایکردووە، هاتۆتە لای خوا سکاڵا بکات، نەیتوانیوە تا رۆژی قیامەت ئارام بگرێ.

لەم کاتەدا بە ئاگا هاتم، دەنگی شمشاڵەکە کزببوو. براکەم پێکەنی و گوتی:

– ها چ زوو نووستی لەم هاتو هاوارەدا.

بەڕاستی دەنگی ژنان دەهات، گوتم چی بووە. خێرە.

– پیاوێکی دراوسێمان، ژنەکەی تەڵاق دا، چونکی ئەمە دوو ڕۆژ خواردنەکەی سوێر دەکات.

پێ کەنیم، گوتم:

– ئەمەش کۆنە بەزمێکی تری ڕزیوە.

## موشکیلەی وەستا جەعفەر

بە سەر چاوان. لە ئەوەڵەوە بۆت دەگێڕمەوە. ئەوەلەن من کەرم
شکارتەیەکم لە کەرایەتیدا هەیە. ئەرێ بۆ خۆم هاوێشتە ناو ئەم قوڕە.
خوات لێخۆشبێ بابە. گۆڕت پڕ لە نور بێ. چەند جار گوێت راکێشام.

– کوڕم نەکەی دوو ژن بهێنیت، کوڕم جەعفەر. دوو ژن نەهێنی، پاشان سوارت دەبن.

بەڵام ملم بشکێ بە (یەک) رازی نەبووم و (یەکی) تریشم هێنا، ئامۆژگاری باوکیشم شکاند و مەپرسە لە چ حاڵێک دام . هەردووکیان لێم بوون بە عزرائیل، هەر وەکو کەرێک سوارم دەبن. کاشکێ بە سواریش رازی بوونایە. جگە لە جووتەش. یەک سوارم دەبێ و ئەوی تریش بە نەقیزە دەمهاژوات.

هەموو دەم گریان و هاوارە لە ماڵمان. مردم هەندێ جەڕە و مەسینە بکرم، هەموویان بە سەر یەکتردا شکاند. تەماشای هەر لایەک بکەی چاوت بە مووی زوڵف و ئەگریجە دەکەوێ. هەتا کەنناسی شارەوانی جار جار کە: زبڵی خانوومان دەبات پێم دەڵێ:

– وەستا جەعفەر.بۆ خاتری خودا ئەم هەموو مووە چییە. ئەفەندی. خۆ جارێ رۆژەک نەبوو بڵێم ئۆخەی. هەموو دەم هاوار دەکەم. ئوف دەکێشم. کچێ بەسیەتی (نەخشین) کچێ چاوت کوێر بێ (مامز) لێم گەڕێن نانەکە زەقنەبووت کەم. چی بکەم گەرووم کەوت هەندی هاوار بکەم. دەستم شل بوو هەندی لێتانبدەم. پێرێ قوماشم بۆ کڕین. گوتم زستانە و سەرمایە کەیفیان دێ. هەندەی پێ نەچوو. شەربەیەکی تازەم کڕیبوو هەلا هەلا بوو. جنێودان دەستی پێکرد. هەر لەبەر ئەوە چونکە قوماشەکەی (نەخشین) نیو گەز لە هی (مامز) زیاتر بوو. توخوا ئەفەندی چی تێدایە. نەخشین لە چاو مامز هەندی فیلێکە.

دوێنێ شەو: لە سەفەر گەڕامەوە. زۆر ماندوو بووم. یەکسەر چوومە هۆدەی خۆم و هەردووکیانم بانگ کرد:

– کچێ نەخشین، مامز گیان.

هیچ یەکێکیان نەهاتنە لام خزمەتێکم بکەن. زۆر دڵتەنگ بووم، لە دڵی خۆمدا گوتم: موستە حەقت بێ جەعفەر.

– ئەفەندی. کاکی تۆ زۆر زیرەکە، باوەڕکە هیچم نەکرد. خەوتم، بەڵام بەیانی زوو هەڵسام. دووجەڕە ئاوم بەسەری خۆمدا رژاند. پاشان شەهادەتێکم هێنا. جارێ نەچووبوومە دەرەوە.. قەوما.. ئەمما چۆن قەومانێک.. هەر مەپرسە.. جنێو لە مابەینیاندا دەستی پێ کرد

– ئا... حوشتر... لۆری. بە شەو چوویتە لای.

– چاوت کوێربێ قاڵۆچەی رەش. من چوومە لای، یان تۆ چوویت. هاهاها تومەز ئەفەندی تەگبیریان کرد بوو کە هیچ یەکێکیان نەیەنە لام، بەڵام من بەیانی (غوسڵم) لە خۆم دەرکرد

وایان زانی كه لەگەڵ یەكتر خەیانەتیان كردووە، ئاوڕێكم دایەوە، سەیرم كرد (مامز) سەری شكاوە... هاها. ئەفەندی هەرا بوو، ئێستاش ئەفەندی، قوربانت دەبم چارەیەكیم بۆ بدۆزەوە. پێكەنی و گوتی:

– محامیت بۆچییە. ژنەكانت لەسەر ئەم (ئیشە) قابیلە شكایەت لە یەكتری بكەن، یان دەرحەق بەتۆ شكایەت بكەن.

– ئەفەندی... بە قوربان... تێنەگەیشتووی... ئەوان دەرحەق بە من شكایەتیان كردووە... گوایە كە من لە ژنەكانم داوە و سەری هەردووكیانم شكاندووە.

## جۆخین و خوێن

– حاكم بەگ. تۆ دەفەرمووت بۆچ مچە ئاغام كوشت. خودا دەزانێ، چ سوێندت لە سەر من نییە. مچە ئاغام نەكوشتووە، مچە ئاغا منی كوشتووە. لەوانەیە باوەڕم پێ نەكەی، بەڵام ئەمروڵڵا ڕەزای حەق. من پیاوێكی مردوومە، چیم لە چی نەماوە. لە چ ترسم هەبێ. فەرموو گوێم لێ ڕاگرە. بزانە من مچە ئاغام كوشتووە، یان ئەو منی كوشتووە، (ئەمە چل و یەك ساڵە). لە گوندی مچە ئاغا جووتیارم. بێ وچان كۆشش دەكەم و نیوەی بەروبوومی دەدەمێ. نەمهێشتوە ڕۆژێ مرتە مرتم لەگەڵدا بكات. قسەم پێ بڵێ، لە هیچ كەسێك قسەی ناشرینم قبووڵ نەكردووە، هەموو شتێك بە فەرموودەی خودایە. پێرار ڕۆژێك مچە ئاغا خوڵامێكی خۆی نارده دوام. گوتم: خێرە.

– گوتی: ئینشائەڵڵا خێر دەبێت. چوومە خزمەتی.

بە ڕوویەكی گەش فەرمووی دانیشتنی كردم و جغارەیەكی پێدام. شێوام هیچ شتی وا نەدیتراوە لە مچە ئاغا. پاش گفتوگۆیەكی كەم. فەرمانی كرد كە: كچەكەی خۆم – جێگەی بەهەشت بێ – بدەمە خوڵامێكی خۆی. لە جێگای خۆم ڕاچەنیم. من سوفی عەولای حەمە ڕەش. كچی خۆم بە خدرۆكی بدەم. خدرۆكی خوڵامی ئەم پیاوە خراپە. دزە. بێ نامووس و كافرە. بەبێ ترس و لەرز وەڵامم داوە.

– ئاغا. ئەگەر فەرماندەی سەری كچەكەم ببڕم. قسەت ناشكێنم، بەڵام بێ ئەدەبی نەبێ. سەرم ببڕی كچی خۆم نادەمە خدرۆك، تووڕە بوو فینجانی قاوەی دا بە ئەرز، دەستی بەجنێودان وقسەی پیس كرد. هەندەی پێنەچوو. لە ئاوایی دەری كردم. چی تێدا هەیە، جووتیارێكی باش و ڕاستگۆم . لە هەموو جێگایەك قەبووڵم دەكەن. بارم كرد. خۆم و كچەكەم چووینە گوندی. (.....) لەوێدا زەویەكی گەورەم بە دەست كەوت. تۆیەكی زۆرم

چاند. ئەوەی هەمبوو چاندم، شەو و ڕۆژ، خۆم و کچەکەم پاش نوێژکردن دوعامان دەکرد. خوا مەرحەمەتمان پێ بکات . بارانمان نەبڕێتەوە. تاکو شتێکیش بەر من بەکەوێ.

که بەهار داهات. بە کەرەمی خوداوە. دەغلێکی زۆر باشم هات، کە تەماشای دەغلەکەم دەکرد شوکرانە و حەمدی خوام بۆ دەمایەوە. کچەکە داوای شتێکی دەکرد. دەمگوت:

– ڕۆڵە. سەبرکە بە مەرحەمەتی خوا. جۆخینەکە هەڵبگرم. هەموو داوایەکت جێبەجێ دەکەم. هەموو دەم چاوم لە ئاسمان بوو. دەستم لەسەر دڵ بوو. تەرزەی لێ نەدات، دووربی لە ئافاتی خەراپ. کە وەختی دروێنەدا هات. بە خۆم و کچەکەم، هەر لەوەختی بەیانی تاکو ڕۆژئاوابوون، دروێنەمان دەکرد، ئەم ڕۆژەم قەت لەبیرناچێ کە، سەیری جۆخینەکەی خۆمم کرد لە چاوی پیس بە دووربێت هەندی قەلاتێک بەرز بوو. شەوان تاکو بەیانی، خەوم لە خۆم حەرام کرد بوو. پاسی جۆخینەکەم دەکرد. بەیانیش کچەکەم پاسی دەکرد.

نەزری دوو مەولوودی پێغەمبەرم کرد بوو: کە ئەم جۆخینە بەخێر هەڵبگرم. لە کەیفان کچەکەم شاگەشکە بوو. گفتم دابوویێ کە قادە جلێکی ئاگر بارانی بۆ بکەم، بەلام قەلەندەرەی چاوی پێ نەکەوت و مرازی حاسل نەبوو. لەم وەختەدا، بیستمان. چوار جۆخینی مچە ئاغایان سووتاندووە. خودا دەزانێ زۆر عاجز بووم. گەرچی مچە ئاغاش دەری کردبووم. ڕۆژەک خزمێکی خۆم هاتە لام و هۆشیاری کردم و گوتی:

– مچە ئاغا سوێندی خواردووە، جۆخینت بسووتێنێ. چونکە وای زانیوە کە تۆ جۆخینەکەی ئەوت سووتاندوە.

کە گوێم لەم خەبەرە بوو شێت و هار بووم.

– چۆن خەرمانم دەسووتێنێ. دەری کردم، شار بە دەری کردم، ئێستاش خەرمانم دەسووتێنێ.

حاکم بەگ. خوای لەسەرسەران ئارەزووی چۆن بێ. وا دەبێ. پاش حەفتەیەک کچەکەم نەساغ کەوت، بوو بە داوە دەزییەک، تەنها پێستەو ئێسقانی ما. لە نکەنکی و هاواری جەرگم سووتا ناچار بووم جۆخینەکەم تەسلیمی پیاوێک کرد. کچەکەم بردە خەستەخانەی هەولێر. لەویدا دختۆرێک گوتی:

– کچەکەت تووشی تیفۆبووە

– کچەکەیان لەوێدا نواند. منیش ناچارمام بگەڕێمەوە سەر جۆخینەکەم. پاش نێوەڕۆ بوو، بە پیادە ڕێگای خۆم گرتەبەر. لە ڕێگادا گوێم لە ئاخ وئۆف و بابەی کچەکە دەبوو.

فرمێسکم له چاو دههاته خوارهوه. پاش نیوه شهو، نزیکی گوندهکهم بوومهوه. تهماشام کرد ڕووناکی ئاگرێکی گهوره و بێئامان دیاره. به ههڵاتن چوومه پێش. گهیشتمه سهر جۆخینم . نهفهسم بڕابوو.سهیرم کرد: جۆخینهکهم ههمووی دهسووتێ و هیچی نهماوه.

هار بووم، زمانم گیرا، ههستم کرد، حاکم بهگ. ههر دووچاوم دهرپهڕی که تهماشای جۆخینهکهم کرد. چاوم به سووتان و ناڵهی کچهکهم کهوت. یهکێک له جووتیارهکانی گوند گوتی:

– خودا چاوی مچه ئاغای کوێرکات. پیاوهکانی جۆخینهکهتیان ئاگردا.

یهکسهر بهم نیوه شهوه گهڕامهوه ههولێر له خهسته خانه کچهکهشم ئهمری خوای کرد بوو. حاکم خۆش بێ. به یهکجاری شێت بووم. چاوم ئهرزی نهدهدیت نهمزانی چۆن گهیشتمه گوندی مچه ئاغا. بهر له هێواره بوو. یهکسهر ڕێگای دیوهخانم گرتهبهر. تهماشام کرد، مچهئاغا لهگهڵ چهند برادهرێکی، خهریکی قومار کردنن، به بێ بگره و بهرده، قوربانی خهنجهرێکم کرد. حاکم بهگ.( من مچهئاغام نهکوشتووه.) مچهئاغا منی کوشتووه.

## کوێره

– خودا خێرتان بنووسی شهوی جوعمهیه.

به تهنیا خۆر و سێبهری، لهژێردار ئهلکتریکێک ڕاوهستابوو، خۆی هاوێشتبوه سهرگۆچانی. دهسته چرچهکهی بۆفلسێکی خێرهومهندێک کردبووهوه. ههروهکو دهغڵێکی ڕهنگ زهردی تینوو. قومه ئاوێک له ئاسمانی دڵسۆزهوه دهرۆز بکات.

ئهم گۆچانه چهند لهلای خۆشهویسته. ئایا هاوهڵی کوێرهوهری نییه. شهو و ڕۆژ له ژێر دهستی دانییه. ئایا ئهم داره لهو ڕۆژهوهی که کچهکهی ئهمری خودای کرد، لهجیاتی چاوی نییه.

خۆزگهم بهپار. که مۆمی ژیانی کچهکهی نهکوژابووهوه، دهستی دهگرتو و ڕێگای نیشان دهدا.

خۆزگهم بهپێرار. که چاوێکی مابوو. وهکو ههر کهسێک کاری خۆی دهکرد و چاوی له دهستی کهسێک نهبوو.

– خوا خێرتان بنووسێ.

ئهم ژیانه، چ ژیانێکه. له ناو دهریادا، گیان دهدا. وهک پیره ماسییهک. له ناو گۆمه

ئاوێکی شێلودا بێ و ورده ورده ئاوی کەم ببێ. لە بەیانییەوە تاکو نیوە شەو. دەمی شل دەبێ بۆ پارچە نانێک. هەموو دەم لە باوەشی تاریکی دایە. دیلی شەوە. شەوێکی بێ ئەستێرە. دەڵێی قالۆچەیەکە، کەوتۆتە ناو گۆمە قیرێک. لە هەموو شتی جوان بێ بەشە: لە درەوشانەوەی ئەستێرە، لە پێکەنینی مانگ، لە بە بووک چوونی بەهار، لە خوناوی لالەزاران. لە خشتەکانی بینای ژیانی. ڕۆژ بە ڕۆژ، دەڕووخێت، هۆش و یادگاری خۆشی ورده ورده لە ناو فرمێسکیدا دەتاوێتەوە. خۆزگەم بەو ڕۆژە کە، تاکە چاوێکی هەبوو. ئیشی خۆی جێ بەجێ دەکرد. وەک هەموو ڕەنجبەرێک نانی خۆی و کچەکەی پەیدا دەکرد، بەڵام کێ دەیزانی لە دەفتەری ژیانی. ئەم نەگبەتیانە هەبوون. ئەو ڕۆژەی قەت لەبیر ناچێتەوە کە: لە ئانی دروێنە. لە پڕێکدا ژانە چاوی گرت. نەیزانی ئەم ژانە لە کێوە هات. ئایا کاری گەرمایەتی بوو یان تەپ و تۆزی دروێنە. قەیرانی ئەم ژانە لە کێوە هات، بەڵام زۆر چاک دەیزانی. بێ ئیش و کار ما. خوا خێری وەستا مام عەولا بنووسێ، زۆر هەوڵیدا چاوەکەی چاک بکاتەوە. هەموو جۆرە دەرمانی بەکارهێنا، هەتا ئاوی کاردی، بەڵام لە دەستی دەرنەچوو. کوێر بوو. زۆر شوکرانەی خوای کرد، لەو ڕۆژەوە تامی برسیەتی بە تەواوی زانی. مانگێک. دوو مانگ. سێ... چوار... ناچار ما، قۆڵی کچەی گرت و هاتە ناو شار بۆ دەرۆزە کردن. چەند پێی ناخۆش بوو.

– خوا خێرتان بنووسێ

ئەم وشەیە دەرگای گوێی دەهەژاند و پەردەی دڵیدا دەگیرساند، ئایا هیچ شتێک هەیە بەرانبەر برسیەتی ڕابوەستێ. قەت نەیدەزانی نەگبەتیی هێشتاکە سێبەریەتی و لە دوای دەڕوا و خۆی ئامادە دەکات شاپێکی تری لێ بدا. ڕۆژێک شاپەکەی تریشی پێ کەوت. کچی تاقانە و نازداری نەخۆش کەوت. چەند جار دەستی هەڵبڕی و هاواری بۆ سەروچاوەی ئایین کرد:

– خودایە. بۆ خاتری گەورەیی خۆت کچەکەم پێببەخشە و لێممەستێنە. بە زۆری مەزانە. لە جیاتی چاومە.

ئەو شەوە بەدەی قەد لە مێشکی ناسڕێتەوە کە کچەکەی لە ناو ئاگری تادا دەسووتا. داوای ئاوی لێ کرد. شێت و هار بوو. بەم نیوە شەوە ئاوی لە کوێوە بۆ بهێنێت. گۆچانەکەی هەڵگرت و بە تەقەتەقی دارەکەی ڕۆیشت. کە: گوێی لە نوزەی دەبوو. (بابە قومەک ئاو) کزەی جەرگی دەهات. چەند جار ساتمەی کرد کەوتە ناو ئاوی پیس. لە دەرگای ماڵانی دا هاواری کرد:

– بۆ خاتری خوداتان قومە ئاوێک، بۆ خاتری مردووتان . کە پاش دەمێک گەڕایەوە، کچەکەی ئەمری خودای کرد بوو. زۆر گریا لە هەردوو چاوی کوێری فرمێسک دەهاتە خوارەوە. دەمێک بە ڕیشە سپیەکەی دەنووسا و دەکەوتە خوارەوە.

لەم دەمەدا دەستی هەڵبڕی. فرمێسکی ڕژاوی سڕیەوە:

– ئوف ف خۆزیا ئەو وەختە بمردبوومایە. پاش کەمێک ملی کەچ کرد و ڕۆیشت. هێشتا فرمێسکی وشک نەببوو:

– خودا خێرتان بنووسێ. شەوی جومعەیە.

## مەلا پیرۆتی جادووگەر

یاهو. بەشەر چ مەخلوقێکی عەجایبە. دوێنێ چاوم بە سمێڵێک کەوت. یادگارێکی کۆنم : بیست ساڵ لەمەو پێش هاتەوە بیر. دەتوانم بڵێم. ڕۆژی هەزار سمێڵ دەبینم، بێ ئەوەی یەک زەڕە سەرنجی بدەمێ، بەڵام سمێڵەکەی دوێنێ. بە ژن و باڵای، شۆخ و شەنگی، ئەم جۆگە ڕوونەی کە: لە ناوەندی لووتی بەرەو خوارەوەی دەچێت. ئەم سمێڵە نایابە. ئەم یادگارە خەوتووەی بە ئاگا هێناویەوە مەلا پیروتی جادووگەری خستەوە بیرم. خوای لێ خۆش بێ.

– (پیاوێکی زانایە لە زانستی سیمیا، پیاوێکی مەردانەیە). هەروەکو باپیرم دەیوت:

باپیرم خوا لێخۆشبێت پیاوێکی کۆڵەوار بوو. بە هەموو شتێک باوەڕی دەکرد. نیوەی دەوڵەت و سامانی خۆی خەرجی زانستی سیمیا کرد. تاوەکو مەلا پیرۆتی جادووگەری ناسی. ئینجا وازی لە زانستی سیمیا هێنا. کاشکێ مەلا پیرۆت چوار ساڵ لەمەوبەر باپیرمی ناسیبووایە. بۆیە دوێنێ چاوم بەو سمێڵە کەوت. مەلا پیرۆتم هاتەوە بیر. دەسبەجێ فاتیحایەکەم بۆ خوێند. خوا قبووڵی کات. بیست ساڵ لەمەو پێش بوو ئێستاش بە بیرمە کە: نیوەڕۆژێکی پێنج شەممە لە گەرمەی هاویندا لە (مەلە) گەڕابوومەوە ماڵێ. باپیرم بانگی کردم:

– وەرە کوڕم دەستی مامۆستا مەلا پیرۆت ماچ بکە، پیاوێکی زانایە، مەردانەیە.

سەیرم کرد. پیاوێکی ڕەشتاڵەی گوڕی ناشرین و ڕەق دانیشتووە. هیچی بە پیاو نەدەچوو. غەیری سمێڵە نایابەکەی نەبێ. هەموو شتی لەبیر لادا بوو: جل و بەرگی. عامامەی، دارسیغارەکەی، تەسبێحی. هەموو هۆش و زانستی خستبووە سەر سمێڵی.

دەست ماچ کردنم لەبیر چوو. چاوم گیرۆدەی سمێڵی بوو. پاشان لە ماڵەوە زانیم. ئەو

مێـوانەش وەکو زۆربەی مـێـوانانی ترمـان لە: زانایانی سـیـمـیـایە، نان و مـیـوەم بۆ بردن، دووبارە باپیرم بانگی کردم:

– وەرە کوڕم چوار هێلکەمان بۆ بکڕە، خێرا ڕانەوەستی، گوتم:

بابە، هێلکەمان بۆچییە. ئەدی تازە مەلا پیرۆت نانی نەخوارد.

مەلا پیرۆت بە ڕووترشی بە جواب هات، تەماشای باپیرمی کرد و گوتی:

– ئا، غولامێکی نەفام خەری.. این خزمتکارست... باپیرم پێکەنی و گوتی:

– ڕۆڵە، تۆ هـەقت نەبێ، هـێلکەمـان پێویستە، بەتەمـاین تەجرەبەیەک بکەین، ئینشـائەڵلا خودا ڕوومان ڕەش ناکات بە هـەوڵ و کۆششـی مامۆستا.

زۆر منداڵ بووم، تەماشای سمێڵی مەلا پیرۆتم کرد و بە جواب هاتم:

– نەخێر خزمەتکارنیم، عجم آست.

ڕام کردە دەرەوە هێلکەکانم بۆ هێنان، دانیشتم و گوێم ڕاگرت، باپیرم گوتی:

زۆر بە خێر بێیت مـامۆستـا، ڕۆژێکی بەخـێـر و بەرەکەت و پیرۆزە، بە خـودا دەرفـەتێکی باشـە، بەتایبەت ئەمڕۆ پێنج شـەمەیە، بۆ پاش نوێژی جـومعە، چل و هـەشت سـەعات مـاوە، بۆ کـاتی تەجـروبـەمـان، هـەروەکـو بەڕێزت فـەرمـووی، مـەلا پـیـرۆت بێـدەنگ بوو، تەمـاشـای کتێبێکی کۆنی دەکرد، پاش کاتێک هێلکەکانی لەیەکتری خشاند و لە کەیفان گوتی:

– کوڕم ئیلهـامـێکم بۆ هـاتوو، لەم تەجـروبەیەدا بە سـەر دەکەوین، ڕۆژی شـەممە، هـەمـوو قـاپ وقاچاخـمـان دەبێتە ئاڵتوون، ئەمما کوڕم نابێ بە کـەسێک بڵێی، بێدەنگ بووم، ئەمـە سـەد جارە گوێم لەم قسـەیە دەبێ، قاپوقـاچاخـمان هـەر پاقرە، پاش سـەعـاتێک لە ناوەندی حـەوشی مـاڵمـان، دۆزەخـێک پەیدا بوو، مـەنجـەڵێکی لە قوڕ دروسـتکراویان دامـەزراند بوو ئاگـریان – لەم چلەی هـاوینە – لە ژێر دەسـووتاند، کە هـێـوارە داهـات، دراوسـێـیـەکەمـان هـاواری کرد:

– بەسیەتی وەستا حەسەن، سووتاین بۆ خاتری خودا، باپیرم، پێکەنی و دەیگوت:

– دەبێ هـەتا پاشی نـوێژی سـبـەینێ، ئاگری لە ژێر بسـووتێ، ئینجا ئەم دەرمـانە، کە لە ناویەتی دەبێتـە تۆزێکی سـپی، ئەو وەختـە کـەمێک لـەم تۆزە سپـیە، پاقری دەکاتە ئاڵتـوون، بەو مەرجە نابێ قەپاغی ئەم مەنجەڵە هەڵبگیرێ، تاکو پاش نوێژی سبەینێ.

سـبـحـەینێ لە خـەو هەڵسـام، سـەیرم کـرد باپـیـرم بە تەنهـا دانیـشـتـووە و بارێک داری قـەڵاشکەری خسـتۆوەتە بـەر دەمی، کە نیـوەڕۆ داهـات، مـەلا پیـرۆت ئیـزنی خـواست و چووە

دەرەوە هەتا وەختی پاش نوێژ باپیرم لە بیست سبیل زیاتری کێشا. سەد جار لە ڕێبواران پرسیارم کرد:

– مامە. لە نوێژ دەرچوون.

لە دوادا زانیمان نوێژ تەواو بوو. کەس نەما لە نوێژی جومعە دەرنەچووبێ، بەڵام مەلا پیرۆت نەهاتەوە.

باپیرم زۆر تەنگاو بوو. پاشان نەیتوانی چاوەنۆڕی مەلا پیرۆت بکات. قەپاغی مەنجەڵەکەی هەڵگرت. لە ئانی هەڵگرتن بە بیسملاو وێردخوێندن، هەموو فیکری وابوو کە چاوی بە تۆزێکی سپی دەکەوێ. هەروەکو مەلا پیرۆت فەرمووبووی، بەڵام هیچی نەدی جگە مشکیەکی ڕەش نەبێ. باپیرم ڕەنگی زەرد بوو. چووە ژووریٚ و سوێندی بە قورئان خوارد و تۆبەی کرد. کە: جارێکی تر خەریکی زانستی سیمیا نەبێت، بەڵام زوو نەختی ئاردی نشاستەی لە ناو کاغەزێک داناو خستیە ناو گیرفانیەوە. بە غەمگینی و ماتی لە هۆدەی مێوانان. دانیشت. وەختی عیشایێ مەلا پیرۆت پەیدا بوو:

– سەلامون ئەلەیکوم.

باپیرم وەڵامی دایەوە. بە پێکەنین هەر دوو قۆڵی هاوێشتە سەر ملی ئەمبەر و ئەو بەری ڕوومەتی ماچ کرد.

– هەی دەستخۆش مامۆستا، تەجرەبەکەمان سەرکەوت. بە سەرت قەسەم کە: قەپاغەکەم هەڵگرت تەماشەم کرد هەروەکو فەرمووت تۆزێکی سپی. وەکو ئاردی نشاستە لە ناویدا بوو. ئەلحەمدولیللا بە ئاخری عومرم سەرکەتوو بووم، خودا پلە و پایەت بەرز بکاتەوە، تەماشاکە.

کاغەزەکەی کە نشاستەکەی لە ناو دانابوو. دەرهێنا

– سەیرکە وەک چۆن فەرمووت وایە.

مەلا پیرۆت تێکچوو.سەیرم کرد لە خۆشیان سمێڵی دەلەرزی. بە پێکەنینەوە گوتی:

– وەستا حەسەن ئەی بەشی من.

باپیرم وەڵامی دایەوە:

– بەشی چی مامۆستا. حەقدەستی ئەم دەرمانە. هەشت لیرەت وەرنەگرت، تۆبە خۆت ڕاز و نهێنی ئەم دەرمانە دەزانی، دەتوانی بۆ خۆت دروستی بکەی.

– ئامان وەستا فەرموو ئەمە هەشت لیرەکەت، بەڵام نەختێ لەم دەرمانەم بدەرێ. من

گەلێ تەجروبەم کردووە، بەڵام لە دەستم دەرنەچووە.

هەروەکو کتێب دەڵێ، بەڵام خودا ئەوە لە دەستی تۆی دەرچوواند.

باپیرم هەشت لیرەکەی لێ ستاندەوە و گوتی:

– کەواتە. فێڵت لە من کرد: لە سەدان سەد. نیو مسقاڵت نادەمێ مەلا پیرۆت داهاتوە دەست و پێی باپیرم ماچ بکات، باپیرم گوتی: قەیدی ناکات. مامۆستا بۆ خاتری خوا نەختێکت دەدەمێ. فەرموو، لە پرێکدا کاغەزەکەی کردەوە. هەموو نشاستەکەی بە دەم و چاو و سمێڵی وەرکرد و هاواری کرد:

– ئەم ئاودەڵەی باوێنە دەرەوە.

لەو رۆژەوە، باپیرم ئەم مەراقەی تەرک کردووە. خۆزیا مەلا پیرۆت باپیرمی زووتر ناسیبووایە.

## ئاماژە

* دایک: لە ژمارە (٤) ی ساڵی (١٩٤٤)ی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) دا بڵاوکراوەتەوە.
* سکاڵای مردوو: لە ژمارە (٥) ی ساڵی (١٩٤٤) ی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) دا بڵاوکراوەتەوە.
* موشکیلەی وەستا جەعفەر: لە ژمارە (٥٤) ی ساڵی (١٩٥١) ی ڕۆژنامەی (هەولێر) دا بڵاوکراوەتەوە.
* جۆخین و خوێن: لە ژمارە (٥٨) تی ساڵی (١٩٥٢) ی ڕۆژنامەی (هەولێر)دا بڵاوکراوەتەوە.
* کوێرە: لە ژمارە (٦٩)ی ساڵی (١٩٥٢)ی ڕۆژنامەی (هەولێر)دا بڵاوکراوەتەوە.
* مەلا پیرۆتی جادووگەر: لە ژمارە (٧٥ – ٧٦) ی ساڵی (١٩٥٢) ی ڕۆژنامەی (هەولێر) بڵاوکراوەتەوە.

**سەرچاوە**: دامەزراندن و ئەفراندن و پێشڕەوێک: مەحموود زامدار، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٩ هەولێر.